


## ئاگاداری ئەنتی ڤایرۆسە ساختەکان بن

لە جیهانی کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئامێرە هاوشـێوەکانیاندا هیچ شتێك بەقەد پاراستن و ئەمنیەتی داتاکان گرنگ نییە. ڤایرۆس و ترۆجانەکان هەمیشـە لە بۆسەدان بۆ دزە کردنە ناو داتاکانتان. بۆیە سـەدان کۆمپانیای ئەنتی ڤایرۆس هەوڵ دەدەن باشـترین ئەنتی ڤایرۆس بەرهەم بێنن بۆ سڕینەوەی ڤایرۆسـەکان. ئەوانـەی ڤایرۆس بەرهەم دێنن دەمێکە لە ڕێگەی دروسـتکردنی ئەنتی ڤایرۆسـی سـاختە بەکارهێنەرانی تەکنۆلۆژیای سـەردەم هەڵدەخەڵەتێنن. بۆیە هەر ئەنتی ڤایرۆسێك نەناسراو بوو دایمەبەزێننە سـەر کۆمپیوتەر. هەر ئەنتی ڤایرۆسێك بە خۆڕایی و بێ گرەنتی بوو خۆتانی لێ بپارێـزن. کۆمپانیای ئەمنیەتی "جی دیتا" کە بەرهەمهێنی ئەنتی ڤایرۆسـە، پرۆگرامێکی بە خۆڕایی داهێناوە بۆ سـڕینەوە و ناسینی ئەنتی ڤایرۆسە ساختەکان. بۆیە ئێوە دەتوانن سەر لە سایتی کۆمپانیای ناوبراو بدەن و پرۆگرامەکە دابەزێنن.



## ماوسیش کرا بە ئەنگوستیلە


کۆمپانیای جینـۆس کە یەکێکە لـە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی پێوەند بە کۆمپیوتەرەوە، ماوسێکی بەرهەم هێنا کە لە شـێوەی ئەنگوسـتیلە لە پەنجە دەخرێت و سـایزێکی بچووك و سەرنجڕاکێشـی هەیە. بەشی پەد و سـکرۆلەکەی لەسـەر ئەنگوسـتیلەکەیە. هەروەها هەردوو دوگمەی لای ڕاست و چەپ بوونەتە نەقیمەی ئەنگوستیلە. بە پەنجەی گەورە دەتوانـی فەرمانەکان جێبەجێ بکـەی. ڕێژەی هەسـتەوەری ئەو ماوسـە یەکهـەزار خاڵ لە ئینجێکدایـە. هەروەها ماوسەکە وایەرلەیسە. دەتوانی لە دووری 10 مەتـر لە کۆمپیوتـەر فەرمانەکان جێبەجـێ بکـەی. کێشـەکەی تەنیا 12 گرامـە و بەهـۆی USBی کۆمپیوتەرەوە شەحن دەبێتەوە.




## کاتژمێرە هـــ

ئەمڕۆکە بوونـی مۆبایل تا رادەیەکی زۆر بەکارهێنەرانی لە بوونی کاتژمێر بێ نیاز کردووە، بۆیە کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی کاتژمێـر دەیانەوێ بە جۆرێکی دیکە بێنـەوە گۆڕەپانەکەوە. بۆ نموونـە کاتژمێـری Met-watch کـە تەنیـا هـەر کاتژمێرێکی ئاسایی نییە.

جگە لەوەی کە کاتژمێرێکی سەرنجڕاکێشـە، بەڵام لەسـەر شاشـەی جگە لە نیشـاندانی ڕۆژمێـر و کات، کورتە پەیامە نێـردراوەکان بـۆ مۆبایـل، هەروەهـا ئیمێلە نێـردراوەکان بـۆ پۆسـتی ئەلکترۆنی و





## یاری بەرازەکان دەتهێننە پێکەنین ئاسان و سەرنجڕاکێشن!

بەرەبەرە وەرزی پشــووی هاوین دەســتی پێکرد و ئێستا قوتابییەکان بۆ کات بەسەربردن لە ماڵەوە خۆیان بە یاری ئەلکترۆنی خەریك دەکەن. یەکێك لە یارییە سەرنجڕاکێشــەکان کە لە شــێوەی تەنز دەچێــت، یاری piggly Christmas ـە. یارییەکی ســەرنجڕاکێش بە گرافیکێکی باش و کوالیتی دەنگێکی باشتر.

بەکارهێنەر لەو یارییەدا رۆڵی بەرازێکی پەمەیی دەبینێ کە ئەرکی ئەو بەرازە ئەوەیە ســێو بۆ منداڵەکانی کۆبکاتەوە. لە هەر قۆناغێك لە یارییەکەدا بۆ کۆکردنەوەی سێو دەبێ بچێتە دارستان یان چیا یان دەشت و دەر.. لە دارەکان سەرکەوێت و لە رووبارەکان بپەڕێتەوە. لەگەڵ دوژمنان بجەنگێ. ســێوەکان کۆبکاتەوەو بێتــەوە ماڵەوە. یارییەکە لەو کاتەیدا کــە کارەکتەرەکە دەمرێت زۆر جێگەی پێکەنینە. یارییەکە ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە لەماوەیەکی کەمدا یەك ملیۆنیان لێ دابەزاند.

تایبەتمەندییەکانی یارییەکە:

- گرافیکێکی باش و سەرنجڕاکێش.
- دەنگ و مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش.
- چوار وەرزی ساڵی تێدایە کە شوێن و دیمەنەکان لە وەرزەکاندا دەگۆڕدرێن.
- میوەی جۆراوجۆر و شوێنی نهێنی و دیمەنی کۆمێدی....تاد.



## لە بۆشاییدا وێنە بکێشەوە!

جیهانی تەکنۆلۆژیای ســەردەم ئەوەندە پێشــدەکەوێت، جار هەیە لە سنووری خەیاڵیش تێدەپەڕێت. واتە ئەوەی مرۆڤ بە خەیاڵیشــیدا نایەت دێتە بەرهەم! بۆ نموونە تەکنۆلۆژیای Zero touch کە دەکرێ بڵێین لەســەرووی خەیاڵەوەیە. تەکنۆلۆژییەکە وەك چوارچیوەیەك دەچێت. کە ناوەندەکەی بۆشــە. لەو چوارچێوەیەدا چەندین هەســتەوەری تیشــکی سەرووی سوور داندراوە کە بەهۆیەوە فەرمانەکان جێبەجێ دەبن.

ئامێرەکە ســێ کارکردی ســەرەکی هەیە، کاتێك لەســەر زەوی دادەندرێ دەتوانی وەك تەختەیەکی نووســین سوودی لێوەرگری، کاتێکیش لەســەر شاشەی کۆمپیوتەر دادەندرێ وەك شاشەیەکی لەمسی سوودی لێوەردەگیرێ و کاتێکیش هەڵدەواسرێ دەکرێ وەك تابلۆیەکی وێنەکێشانەوە سوودی لێوەربگری.

## لاپتۆپ بە دیزاینێکی فەنتازییەوە

کۆمپیوتــەری PC واتــە ئەوکۆمپیوتــەرەی کــە تەنیا بۆ تاکەکەســێك دەبێــت و یەك کەس ســوودی لێوەردەگرێت، دوو جۆری سەرەکیان هەیە، Desktop واتە ئەو کۆمپیوتەرەی کە لەســەر مێز دادەنرێت و بەئاسانی راناگوێزرێن. کۆمپیوتەری لاپتۆپیش ئەو جۆرە لە کۆمپیوتەرە کە ئەرکی راگواستنی ئاســانە و وزەی پێویستی لەگەڵ خۆیدایــە. ئێســتاکە گۆڕانکاری بەســەر دیزاینی هــەردوو جۆری کۆمپیوتەردا هاتووە، بەجۆرێك کە نازاندرێــت کامــە لاپتۆپە و کامە دیسکتۆپ.

ئەو کۆمپیوتــەری لە وێنەکەدا دەبینــن، جــۆرە لاپتۆپێکــە کە دیزاینەکەی زۆر سەرنجڕاکێشــە. بە ئاســانی دەبێتە ســێ پارچە و هەڵگرتن و راگواســتنی گەلێك ئاســانە. لاپتۆپەکە بەناوی FENO ناسراوە.




## ...ۆشمەندەکان

هەروەها راپۆرتی کەشــوهەوا و پەیامەکانــی تویتەر دەبیندرێن. پێوەندی ئــەو کاتژمێرە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکــە لە رێگەی بلوتوســەوەیە. هەرچەندە هەوڵ دەدرێت هەندێــك تایبەتمەندی دیکــەش بەو کاتژمێــرەوە زیاد بکرێن.



# وێنەکانتان بە ئارایشەوە ببینن




پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان چاککردن و جوانکردنی وێنەیە، بەڵام شێوازی هیچ کام لە پرۆگرامەکان وەك پرۆگرامی Photo makeup editor سادە نییە. لەو پرۆگرامەدا گشت ئەو پێداویستیانەی کە بۆ "رتوش" واتە جوانکردنی وێنە، ئارایش کردن لەبەردەست دانییە.

بەهۆی پرۆگرامی ناوبراوەوە، دەتوانی وێنەکانت زیاتر لە پێویست جوان بکەن. لە ماوەی چەند خولەکێك دا بە سوود وەرگرتن لە 10 ئامرازی تایبەت بە جوانکردنی وێنە، ئەو گرفتانەی لەکاتی وێنەگرتندا هاتوونەتە پێش، یان ئەو خاڵ و پەڵانەی کە لەسەر رووخساری خاوەن وێنەکەن باش بکەی. گەر بەیانییەك بەبێ دەم و چاو شوردن و ئارایش کردن و سەرداهێنان وێنەتان گرت، نیگەران مەبن، وێنەکانتان بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەو جۆرەی کە دەتانەوێت وا دەبێت، واتە دەموچاوتان بەو جۆرەی کە دەتانهەوێ ئارایش دەکرێت. شانەیەکیش بەسەرتان دادێت، تەنانەت دەتوانی سایزی لوتت بگۆڕی و رەنگی چاوەکانیشت بگۆڕی. واتە نەشتەرگەری جوانکاری چ لەوەی باشترە!

# سۆنی داهێنانێکی نوێ لە شاشەی کۆمپیوتەردا دەکات


لە پێشانگای ساڵانەی SID2011دا کە شوێنەکە کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی تەکنۆلۆژیای نوێ دوایین بەرهەمەکانی خۆیان نمایش دەکەن، کۆمپانیای سۆنی بە داهێنانێکی نوێوە سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای خۆی راکێشا. شاشەکە 13.3ئینجە و دەتوانی بنوشتێنرێتەوە. کێشی شاشەکە تەنیا 20 گرامە. کوالیتی 150Dipیە. هەرچەندە کوالیتییەکە زۆر لەسەرێ نییە، بەڵام بۆ شاشەیەك کە بنوشتێتەوە زۆر گرنگە.




# کیبۆرد



ئایفۆن ئەو مۆبایلەی کە گۆڕانکارییەکی زۆری لە جیهانی مۆبایلدا هێنا پێش و گشت ئامێرە بچووکە دیجیتاڵییەکانی لەخۆیدا کردنەوە، رۆژ بە رۆژ داهێنانی نوێی بۆ دروست دەکرێت. بەهۆی ئەوەی کە ئایفۆن تەنیا شاشەیەکی لەمسییە و چەند دوگمەیەکە، کیبۆردەکەی لەمسییە




## ئەو سایتانەی قسە دەکەن!

رەنگــە رۆژێك دابێت کە کۆمپیوتەرەکان باشــترین هاوڕێتان بن و لەگەڵتان قســە بکەن و دەردە دڵیان لەلا بکەن و ئەوانیش چارەی گرفتەکانتان بۆ بدۆزنەوە. ئەگەر بۆ دوور نەڕۆین هەر ئێســتا چەند ســایتێك هەن کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین ئەو ئەرکەیان لە ئەســتۆیە، واتــە هەرچی لێ بپرســن هەڵبەتە بە زمانی ئینگلیزی جوابتان دەدەنەوە. ســایتەکانی www.icongo.com، www.existor.com، www.clever-bot.com ئەو ســایتانەن کە تا رادەیەکی زۆر باش لە پرســیارەکان دەگەن و وەڵامتان دەدەنەوە. ســایتی existor لە شێوەی رووخساری کچێکی سەرنجڕاکێشی ئاسیایی دایە و وەك مرۆڤ قسە دەکات. هەروەها خاوەنی هەستەوەرێکی وەك مرۆڤن و جار هەیە پێدەکەنن و جار هەیە توڕە دەبن.

## وێنە کۆنەکانتان بکەن بە وێنەی دیجیتالی

چەنــد ژمارەیەك بەر لە ئێســتا هەر لەســەر ئامێرێکی لەم چەشــنە دواین، بەڵام پێدەچێت کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئەو ئامێرە لە گەشەسەندن دابن، گەر لەماڵەوە کۆمەڵێك فیلمی نیگەتیڤتان هەیە نیازتان هەیە بیانکەن بە فۆرماتــی دیجیتالی و لەســەر کۆمپیوتەر دابینێن، بوونی ئەو ئامێرە یان ئامێرێکی هاوچەشنی ئەوە..

ئامێــری ion pics2 pc بەهۆیەوە دەتوانی نیگەتیڤەکانی 35 ملمــی و هەروەهــا وێنەکانی 3 لە 5،6یش سکان بکەی. ئامێرەکە هەر وێنەیەك تەنیا بە چرکە سکان دەکات و دەیکات بە وێنەیەکــی دیجیتالی 5 میگاپیکســلی. ئامێرەکە بەهۆی USBیەوە بە ئاســانی وێنەکان بۆ سەر کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.



## و عەدەسەی تایبەت بە ئایفۆن





و شاشــەکەیەتی. کیبۆردەکــەی خۆی بۆ بەڕێکردنــی کورتە پەیام باشــە، بەڵام بۆ نووســینی دەقێکــی زۆر هیــچ گونجاو نییە. بۆیــە کۆمپانیایەکــی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالــی کیبۆردێکی بۆ ئایفۆن بەرهەمهێناوە کە دەکرێت دەقێکی زۆری پێ بنووسرێ.

عەدەسەی تایبەت بە ئایفۆن

ئــەو وێنانــەی کــە بــە کامێــرای مۆبایــل دەگیرێن، هەرچەنــدە لە بواری میگاپیکسلەوە لەســەرێ بن، هێشتا گرفتێکی ســەرەکیان هەیە ئەویش نەبوونی لێنزێکی باش و گونجاوە، عەدەسەیەك کە بکرێت بەهۆیەوە کوالیتــی وێنەکان باشــتر بکرێــت. کۆمپانیایەك بۆ مۆبایلــی جۆری ئایفۆن عەدەسەی DSLRی بەرهەم هێناوە کە دەکرێ بەهۆیەوە باشترین وێنە بگیرێــت. لێنزەکە زۆر بە ئاسانی لە مۆبایلەکە جیا دەبێتــەوە. تەنانەت لەکاتــی وێنەگرتنیشــدا دەکرێــت بــە مۆبایلەوەکەوە پێوەند نەدرێت. بگرە ســەربەخۆ ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات.